# ئاستەنگەکانی بەردەم نەبوونی فەرهەنگی ستانداردی زمانی کوردی و هەنگاوەکانی نووسینی فەرهەنگی زمان
# فەرهەنگی خاڵ و هاوشێوەکانی وەک نموونە

م.ی. هاشم ئەمین خدر
پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٤/٩/١٥ بەرواری بڵاوکردنەوەی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٣/٩

**پوختە**

بە درێژایی مێژوو فەرهەنگ یەکێک بووە لەو هۆکارانەی کە زۆرێک لە شتە نەناسراوەکان بە مرۆڤ دەناسێنێت. بێگومان فەرهەنگی هەر زمانێک پێکدێت لە کۆ زانیاری وشەنامەی ناو مێشکی مرۆڤ و، شوێنی فەرهەنگ لەنێو زانستەکاندا بەشێکە لە زانستی نوێی زمانناسی، لە لایەکی ترەوە دەتوانین فەرهەنگ بە ناونیشان و سەرچاوەیەکی گرنگی وشەو زاراوەو لێکۆڵنەوە زمانییەکان هەژمار بکەین، بەڵام نەبوونی فەرهەنگێکی کوردی-کوردی/ستاندارد، وەکو ونکرنی کلیلی دەروازەی قوفڵی زمان وایەو بە بەستراوی دەیهێڵێتەوە، لەبەرئەوەی زمان بەردەوام لە گۆڕاندایەو وشەی لێ دەمرێت و وشەی دیکەی بۆ زیاد دەبێت و پێویستی بە نوژەنکردنەوە هەیە. تەنها فەرهەنگیش دەتوانێت هەموو ئەو وشانە بپارێزێت و بیانهێڵێتەوە، ئەوە فەرهەنگە کە دەتوانێت ببێتە هۆی ڕوونکردنەوەی گرێ کوێرەی زۆرێك لەو زاراوانەی کە هەڵگری زیاتر لە واتایەکن و جۆرێك لە لێڵییان تێدایە، فەرهەنگ هەموو ئاخێوەرەکانی زمان لە ڕەگ و ڕیشەو بنچینەی وشەی زمانەکەی ئاگادار دەکاتەوە، زمانیش یاریدەدەری ئەم لایەنەیە بۆ فەرهەنگ و بەردەوام هەوڵدەدات فەرهەنگی وشەکانی زیاتر بکات تەنانەت بەهێنانە ناوەوەی وشەی بێگانەو گونجاندنی لەگەڵ یاسا فۆنەتییەکیەکانی زماندا. هەروەها لایەنی گرنگی فەرهەنگ کە لەم توێژینەوەیەدا خراونەتەڕوو ئاماژەکردنە بە کۆی ژمارەی ئەو (٥١٠) فەرهەنگەی لە ماوەی ساڵانی (١٧٨٧-٢٠٢٢) دەرچووە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا تەنها (50) فەرهەنگ و وشەنامەی کوردی و هەڵدانەوەی لایەنی مێژوویی فەرهەنگ و فەرهەنگی کوردی-کوردی کە بەفەرهەنگی خاڵ دەستپێدەکات و بە زیاتر لە دە فەرهەنگی دیکەی کوردی-کوردی تا هەنوکە کۆتایی دێت ئاماژە کراوە، چونکە ئەم توێژینەوەیەکی بچوک و دیاریکراوە کە دەتوانرێت لە داهاتوودا کاری لەسەر بکرێت، هەموو ئەو فەرهەنگانەی دیکەش زیاتر بۆ مەبەستی فێرکاری و هەندێکیشیان بۆ مەبەستی بازرگانی بۆ فێربوونی سەرەتاکانی زمانێکی دیکە نووسراون، بەڵام هیچکام لەو فەرهەنگانە تائێستا لەچوارچێوەیەکی زانستی و دەستوریی و زمانەوانیدا ڕێکنەخراون و نەبوونە کەرەستەو مادەیەکی باش بۆ توێژینەوە زانستییەکان، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە سەرجەم خاڵە کەم و کورتی و لاوازەکانی بواری فەرهەنگنووسینی کوردی و ئاستەنگەکانی بەردەم نەبوونی فەرهەنگی ستانداردی کوردی بخرێنەڕوو.

**پێشەکی**

بێگومان زیندوێتی زمانی هەر میللەتێک هەبوونی فەرهەنگێکی ڕەسمی ئەو زمانەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا نەبوونیشی میللەت و نەتەوەیەکیش لە زمانکەی دادابڕێت. هەرچەندە کورد بەشێوەیەکی گشتی لە بواری کلتووری فەرهەنگ نووسینەوە ئەزموونێکی زۆر و ژێرخانێکی زانستی پتەومان نییە. بەڵام هەمیشە لە هەوڵدابووە هەم بۆ پاراستنی زمانەکەی هەم هێشتنەوەی بەشێوەیەکی زیندوو، چونکە چ کورد چ دۆستانی کورد یان ئەو گەڕیدانەی کە لە سەردەمە جیاجیاکاندا هاتوونەتە ناوچە کوردییە جیاجیاکان هەوڵیانداوە کە زمانی کوردی بپارێزن و خزمەتێکی بکەن، نمونەی ڕۆژهەڵاتناسەکان زۆرن کە نامانەوێت لێرەدا ئاماژەیان پێبدەین.

sjh@univsul.edu.iq

ئەگەر سەرنجێکی خێرای فەرهەنگەکانی نێو کتێبخانەی کوردی بدەین، دەبینین زانست نییە فەرهەنگی تایبەت بە خۆی بۆ ئامادە نەکرابێت. ئەویش نەک فەرهەنگێک، بەڵکوو چەندین جۆر فەرهەنگ بە شێوازی پسپۆڕانە و بە زمانێکی پێشکەوتوو، کە ڕەچاوی لایەنە بنەڕەتەکانی وەکو کولتووری فەرهەنگ نووسی و فەرهەنگی زانستیی کردووە .
فەرهەنگ بە گشتی ڕۆڵ دەگێڕێت لە پاراستنی دیالێکتیکەکانی زمان، هەر فەرهەنگەکە دەتوانێت زمانی زارەکی و دەماودەمی ڕابردووی نەتەوەیەک تۆمار بکات و بۆ نەوەکانی داهاتووی خۆی بگوازێتەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین فەرهەنگ بنەڕەتیترین کارە بۆ پاراستنی زمان و ناسنامەی نەتەوەیەک. بەڵام ئەفسوس تا هەنووکە زمانی کوردی نەبووەتە خاوەنی ئەو فەرهەنگەی کە ببێتە کەرەستەیەکی خام بۆ توێژینەوە زانستیەکانمان. بۆیە هەوڵدەدەین لە پارت و بەشەکانی داهتوودا بە وردی تیشک بخەینە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئاستەنگ و ئەو هەوڵانەی کە دراون لەم بوارەدا.

**کێشە**

یەکێک لە فاکتەرە بنەڕەتییەکان بۆ ناساندنی زمان، بوونی فەرهەنگی ئەو زمانەیە، فەرهەنگیش زیندوێتی ئەو زمانە دەسەلمێنێ و یەکێکە لە هۆکارەکانی فێربوونی زمان بۆ ئەوانەی کە ئاشنا نین بەو زمانە، لە ئێستاشدا نەبوونی فەرهەنگێکی ئەکادیمی لە زمانی کوردی دا یەکێکە لە خاڵە لاوازەکان و دەبێت وەک کێشەیەک لێی بروانین، بێگومان کە بوو بە کێشە ئەوا دەبێت بە خەمی هەمووان، لەبەرئەوە پێویستە هەوڵێکی کارا بدرێت، چونکە سەرەتای دروستکردنی زمانی ستاندارد بوونی فەرهەنگی ئەو زمانەیە و لەڕێی ئەو فەرهەنگەوە، بنەماکانی فێرکردن و دروستنووسین دەچەسپێت.

**ئامانج**

ئەم توێژینەوەیە تەنها لە چوارچێوەی زمانی کوردی دایەو پەیوەندی بەو بارە مێژووییەوە هەیە کە زمان وەکو ناسنامەیەکی کولتوری و نەتەوەیی لە ئەدەب و بوارەکانی دیکەدا ڕەنگی داوەتەوە، زمانی کوردی بە دیالێکتی جیاواز کە هەم مێژووەکەی و هەم ئەدەبەکەی پێنووسراوەتەوە، زەمینەیەکی لەباری ڕەخساندوە بۆ ئەوەی زمانی کوردی ببێتە خاوەن فەرهەنگێکی فەرمی و لە پاڵ بە فەرمی کردنی زمانی کوردیدا هەنگاو بنێین بۆ بە ستانداردکردنی زمانی کوردی، کە ئەمە ئامانجێکی گەورەیە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا هەنگاوی گەورە و نیشتمانی بۆ بنێرت و لە لایەن دامەزراوەی نیشتیمانی و نەتەوەییەوە پشتگیری بکرێت و بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

**گرنگی توێژینەوەکە**

کەرەستەی توێژینەوەکە پشتدەبەستێت بە کۆکردنەوەی زانیاری مەیدانی و گەڕان بەدوای ئەو فەرهەنگانەی بە زمانی کوردی و زمانەکانی دیکە نووسراون و واتای زمانی دیکەیان پێڕوونکراوەتەوە کە زۆربەیان بۆ مەبەستی فێرکاری بەکارهاتوون، هەروەها سود لە کەسانی پسپۆڕو شارەزا لە بواری فەرهەنگنووسین وەرگیراوە و ئەوە دەخرێتەڕوو کە لە زمانی کوردیدا چەند هەوڵێك هەبووە بۆ ئەوەی زمانی کوردی ببێتە خاوەنی فەرهەنگی خۆی، هەروەها ئەو ئاستەنگانەی بوونەتە ڕێگر لەبەردەم نەبوونی فەرهەنگێکی ئەکادیمی لە زمانی کوردی دا، کە دەکرێت ئەمە وەک گرنگییەکی توێژینەوەکە هەژمار بکەین. لە لایەکی دیکەوە گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە ڕێبازێکی وەسفی شیکاری پەیڕەو کراوە.

**فەرهەنگ یا وشەنامە(1)**

فەرهەنگ یا وشەنامە یەکێکە لە ئامرازەکانی ناساندی وشەی زمانێکی دیاریکراو، لێکۆڵینەوە لە بنچینەناسی(2) وشەو لێکدانەوە لە سەرچاوەو بناغەی(3) وشە بەگشتی، بەکارهێنانی زاراوەی فەرهەنگ یا وشەنامە لەشێوازی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا زیاتر فەرهەنگ یا قاموس بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە ڕاستیدا جیاوازی لەنێوان وشەنامەو فەرهەنگدا هەیەو زۆرجار فەرهەنگ لەنێو زمانی کوردیدا هاوشێوەی زمانی فارسی لەبری کولتوریش بەکاردێت. سنوری فەرهەنگ گەلێك فراوانترە لە سنوری زمان و وشە، مانای ڕاستینەی فەرهەنگ وشەی کولتور(Kultur) ی ئەوروپاییە، نەك قاموس، کە بنەڕەتێکی لاتینی هەیە (Campus)و لە زاری عەرەبیدا بۆ پەڕتوکێك بەکاردەبرێ کە تەنێ وشەو ماناکانیان بگرێتە خۆی، چەند زمانێکیش هەن "وشەنامە" (پەرتوکی وشە) بۆ قاموس بەکاردەبەن، وەك ئەڵمانی(Wörterbuch) و سوێدی) (Ordlista) نەبەز1، 2008: 49.

sjh@univsul.edu.iq

لێرەدا جیاکاری لە بەکارهێنانی نێوان ئەم دوو زاراوەیە ناکەین و دەبێت فەرهەنگێکی فەرمی لە ناوەندێکی ئەکادیمی ئەمە یەکلایی بکاتەوە، کە ئەم دوو زاراوەیە هاوواتان یان بە دوو واتای جیاواز بەکاردەهێنرێن یان چوارچێوەی دەق(4) ئەو واتایانە دیاریدەکات، یان دەبێت خودی فەرهەنگەکە لەڕووی واتاوە ڕوونیان بکاتەوە، بەڵام وا باشترە وشەنامە بۆ وشەی زمانێك وەك (کوردی-کوردی) بەکاربهێنرێت، چونکە شوێنی فەرهەنگ لەنێو زانستەکاندا بەشێکە لە زانستی نوێی زمانناسی و جیاکاری تەواو کراوە لەنێوان ئەم دوو زاراوەیەو بەکارهێنانی، فەرهەنگ(5) بە (Lexicon) ئاماژەی پێدەکرێت، چونکە کاری فەرهەنگ هەڵگرتنی(6) وشەکانی ناو مێشکی مرۆڤە، کە قسەکەر لەنێوان فۆرم و واتادا بەکاریان دەهێنێ، واتە فەرهەنگ گوزارشتە لە وشەنامەی ناو مێشکی مرۆڤ و ئەم وشەنامانە هەڵگری زانیاری واتایی(7) و ڕستەیی یا ڕستەسازین(8).

لە لایەکی ترەوە دەتوانین فەرهەنگ بە ناونیشانی سەرچاوەیەکی گرنگی وشەو زاراوە هەژمار بکەین و، نەبوونی وشەنامە وەکو ونکردنی کۆمەڵە کلیلێکە کە قوفڵەکانی هەمیشە بە بەستراوی بمێنێتەوە.

وشەنامەو بەکارهێنانی زیاتر بەمەبەستی وشەنامەی گشتی زمانێکە کە بەشێوەیەك دادەڕێژرێت کە کۆی خەڵکی لێی تێبگەن و کۆی وشەی زمانەکە لەخۆ بگرێت، وشەنامەی گشتیش لەڕووی ژمارەی بەکارهێنانی زمانییەوە دابەشدەبێت بە وشەنامەی یەك زمانە(9) و دوو زمانە(10) و سێ زمانە(11) و هەندێکجاریش چوار زمانە(12)، کە هەریەکە لەم زمانانە وشەی مەبەست لەبەرامبەر بنچینەی وشەی ئەو زمانە لەخۆ دەگرێت، کە مەبەستمان لە واتای جیاوازی ئەو وشەیە لە سێ زمانی تردا (بەختیاری، 1388: 65). هەڵبەتە وشەنامەی یەك زمانە لەڕووی جۆراوجۆری و ئاماژەدان بە بناغەی وشەو بنچینەناسییەوە لە هەموویان بەپێزترو تەواوترە .

**مێژووی فەرهەنگ**

بەدرێژایی مێژوو کە زمان و خەتی نووسین پەیدابوو بەهەرشێوەیەك بووە هەوڵدراوە وشەی ئەو زمانە بپارێزرێت، یەکەم فەرهەنگی لە مێژوودا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەکەدییەکان، کە بەشێوەی دوو زمانەیی نووسراوە (ئەکەدی-سۆمەری)، پێکهاتوە لە (24) لەوحەی قوڕین و بە خەتی بزماری نووسراوە، مێژووەکەی بۆ (4300)ساڵ پێش ئێستا کە لە سوریا دۆزراوەتەوە(13) دەگەڕێتەوە. هەروەها یەکێکی دیکە لەو فەرهەنگانەی بە کۆنترین فەرهەنگ دادەنرێت و تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی تێدایە (دیوان اللغات الترك)ە، کە نزیکەی هەزار ساڵ پێش ئێستا لەلایەن مەحمود کاشغەری نووسراوەو نزیکەی (7500) وشە لەخۆ دەگرێت، دەربارەی ژیانی کاشغەری باس لەوە دەکرێت کە لە کاشغەری پایتەختی تورکستان لەدایکبووە، هەندێکی دیکەش ئاماژە بە شاری بارسغان دەکاتە وڵاتی قرقیزستانی ئەمڕۆ دەکەن، ناوبراو ئاماژەی بەوە کردوە کە ئامانجی نووسینی ئەم فەرهەنگەی بۆ ئەوەبووە کە عەرەبەکان فێری زمانی تورکی بکات، ئەمە لە کاتێکدا لەسەر بنەمای ڕێزمانی عەرەبی ئەم فەرهەنگەی داناوەو ویستویەتی ئەوە بسەلمێنێ کە زمانی تورکی و عەرەبی وەك دوو ئەسپ لە پێشبڕکێدان (رەحیمی، 1390). هەروەها فەرهەنگی (کالیماکی غەراماتیقی اغرایقی) یەکێکی دیکەیە لەو فەرهەنگە کۆنانە کە هیچ ئاماژەیەك بە وڵات و زمانەکەی نەکراوە، مێژووەکەی بۆ (300) ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوەو بە ناوی (زەخیرە)وە نووسراوە (خاڵ 1، 1960: 10).

ژمارەو مێژووی ئەو فەرهەنگانەی کە بوونەتە هەوێنی لەدایکبوونی فەرهەنگی زمانەکانی دیکە زۆرن، بەڵام تەنها ئاماژە بە چەند دانەیەکیان دەکەین کە لەڕووی مێژووییەوە کە گرنگن. بۆ نمونە فەرهەنگی ئینگلیزی جۆنسۆن کە لە 1755/4/15ز بڵاویکردوەتەوە، یەکێکە لە فەرهەنگە باشەکانی زمانی ئینگلیزی و جۆنسۆن بە نۆ ساڵ نووسیویەتییەوە(14). بەڵام دوای (173) ساڵ لەم فەرهەنگەی جۆنسۆن فەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزی دەرچوو.

ئەو کاتەی ئەنجومەنی زمانناسانی لەندەن لە ساڵی (1857) بڕیاریاندا فەرهەنگێك بۆ زمانی ئینگلیزی بنووسن، بەڵام هیچ کامیان پێشبینی ئەم قەبارەیەی فەرهەنگەکەیان نەکردبوو، دوای دوو ساڵ لە لێکۆڵینەوە لە زمان و ئەدەب و دەقەکانی چەند سەدە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە دەبێت ئەم پرۆژەیە زانکۆی ئۆکسفۆرد ئەنجامی بدات، هەر بۆیە لەساڵی (1879) دەست بەجێبەجێکردنی کراو بڕیاربوو بە ماوەی دە ساڵ تەواو بکرێت، بەڵام لەماوەی پێنج ساڵدا تەنها گەیشتنە وشەی مێروولە(15) و تا بگەنە کۆتایی پیتی (A) زۆری مابوو، جەیمس موری(16) کە سەرپەرشتیاری پرۆژەکە بوو پێیوابوو دەبێت ماوەکەی بۆ درێژ بکەنەوە تا باشتر کاری فەرهەنگەکە ئەنجام بدەن، بەڵام ئەم بەشەی فەرهەنگەکەیان لە (1884/2/1) بڵاوکردەوە بۆ ئەوەی سەرمایەیەکی پێ کۆبکەنەوە بۆ بەردەوامی لە کارەکەیان، جەمیس بەردەوام بوو لە نووسین و تا لەژیاندابوو چەند

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بەرگێکی نووسی و دواجار ئەو فەرهەنگەی ئێستا لەبەردەستەو ناوی ئۆکسفۆردە دوای (50) ساڵ بە تەواوی هاتە بەرهەم و بوو بەو فەرهەنگەی ئەمڕۆ. (17)

ئەم مێژووە کورتەی فەرهەنگ بە گشتی تەنها لەبەرئەوەبوو کە بزانین کاری فەرهەنگنووسین کارێکی قورسەو هەوڵی تاکە کەس بەبێ پشتیوانی دامەزراوەیەکی گەورەی دەوڵەتی یان نیشتیمانی ئەگەری سەرکەوتنی لاوازە، هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ زمانی کوردی دراون هەموویان لە دڵسۆزییان بووە، بەڵام بۆچی نەبووەتە پرۆژەیەکی گەورەی زمانەوانی و ببێتە بنەما؟ ئەوە لەدواتردا ئاماژەی پێدەکەین.

**مێژووی فەرهەنگی کوردی**

ئەگەر بڕوانینە فەرهەنگی کوردی ڕەنگە بتوانین لە ماوەیەکی کورتدا زیاتر لە سەدان فەرهەنگ لە ئێستای کتێبخانەی کوردیدا ڕیز بکەین لە فەرهەنگی کوردی-کوردی، کوردی-بیانی، بیانی-کوردی و فەرهەنگی جۆراوجۆری زانستی و پیشەیی. بەپێی کاری لیژنەی فەرهەنگ کە هەنگاوی یەکەمی ئەنجام داوە، بە ئامادەکردنی لیستێک بە ناونیشانی هەموو ئەو فەرهەنگە کوردییانەی کە لە ماوەی ساڵانی (1787-2022) گەیشتووەتە (510) ناونیشان (لیژنە، 2022: 3).

فەرهەنگنووسین لەناوگەلی کورددا لەچاو نەتەوەکانی دیکە مێژوویەکی بەرچاوی هەیە، ئەگەر چاوێکی خێرا بەمێژووی فەرهەنگنووسی کوردیدا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی ئەو فەرهەنگانەی کە لە دوو سەدەی ڕابردودا نووسراون، زیاتر ئەرکی فێرکارییان هەبووە، بەتایبەت لەبواری ئاینیدا، وەك نۆبەهاری ئەحمەدی خانی کە مەبەستی فێرکردنی قورئان و وتەکانی ئایینی ئیسلام بووە. پاشانیش فەرهەنگەکانی دیکەش هەر ئەو وشانەیان لەخۆ گرتووە کە پەیوەندییان بە سروشت و شاخ و داخ و ئاژەڵداری و کشتوکاڵ و لایەنەکانی تری پەیوەندیدار بەکۆمەڵی کوردەوارییان هەبووە و هەیە (شەریفی، 2007: 11).

یەکەم فەرهەنگی کوردی فەرهەنگێکی ئیتالی-کوردییە لە ساڵی(١٧٨٧) لە ڕۆما لەلایەن (ماوریزۆ گارزۆنی)یەوە ئامادەکراوە و لە کتێبەکەیدا بە ناوی Grammatica E Vocabolario Della Lingua Kurda بڵاوکراوەتەوە، (لیژنە، 2022: 3).

بەڵام پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و داهێنانی نوێ وایکردوە کە زمانەکان بەردەوام لە خۆ نوێکردنەوەدا بن و وشەی نوێ تۆمار بکەن و لەگەڵ پێشکەوتنی ڕۆژگاردا خۆیان بگونجێنن و زمانیش لە دەوروبەرەکەی دانەبڕێت، چونکە هەر زمانە بەپێی سەردەمەکان دەگۆڕێت و خۆی نوێ دەکاتەوە، بۆ نمونە ئەو زمانەی ئێمە قسەی پێدەکەین و پێیدەڵێین کرمانجی ناوەڕاست لەگەڵ سەد ساڵ پێش ئێستادا گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە.

مێژووی فەرهەنگی کوردی لەچەند ڕوانگەیەکەوە جیاوازە، ئەگەر ئاماژە بە فەرهەنگی کوردی-بیانی بکەین ئەوا لەڕووی مێژووییەوە ژمارەیەکی زۆر فەرهەنگمان هەیە، بەڵام ئەگەر لە مێژووی فەرهەنگی کوردی-کوردی بڕوانین ئەوا دەبێت ئاماژە بە فەرهەنگی (خاڵ)ی مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵ کە لە ماوەی ساڵانی (1960-1965-1976) بکەین، تەنانەت خۆی دەفەرمێت "تا ئێستا سەرمەشقێکمان بۆ دانەنراوە تا چاوی لێبکەین و فەرهەنگێکی تێکڕاییمان نییە تا لاسایی بکەینەوە، .... بۆیە هەروا ئاسان نییە هەر وتەیەک بهێنین و ڕاڤەی بکەین و هەمووان لێی تێبگەن"(خاڵ: 2005، ل 13). دوای ئەویش فەرهەنگی (کوردستان)ی گیوی موکریانی کە ساڵێك دوای فەرهەنگەکەی خاڵ نووسراوە، کە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی وشەی کوردین، بەڵام دوای زیاتر لە پەنجا ساڵ بەسەر یەکەم فەرهەنگی کوردیدا هێشتا کورد وەك نەتەوەو خاوەن حکومەت و کیانی سەربەخۆ و ناساندنی زمانەکەی بە فەرمی، هێشتا خاوەن فەرهەنگێکی فەرمی و دەوڵەندی کوردی-کوردی نییە، تەنانەت نەك زمانی ستاندارد بەڵکو ڕێنووسێکی یەکگرتووی نییەو لە کوردستان یەك جۆر نووسین پەیڕەو ناکرێت، ئەمەش وایکردوە کە تا ئێستا فەرهەنگێکی ڕەسمی کوردی-کودری بوونی نەبێت و ببێ بە ڕێنیشاندەرێك بۆ زمانی کوردی و وەکو زانستی وشە سودی لێوەربگیرێت، بەڵکو ئەوەی تا ئێستا هەبووە زیاتر لە چوارچێوەی هەوڵی تاکە کەسیدا بووەو بە دامەزراوە نەکراوە.

کاتێك وردبوومەوە تێگەیشتم کە زمانەکەمان هێشتا فەرهەنگێکی وای بۆ نەنووسراوەتەوە کە ڕووی بێ بچێتە ناو فەرهەنگەکانەوە، وە ئەمە سێ جوار هەزار ساڵە کورد خاوەنی زمان و نووسینە هێشتا وتەی زمانەکەی خۆی کۆ نەکردوەتەوە، کەس بە بیریا نەهاتوە کە فەرهەنگێکی تێکڕایی بۆ بنووسێ، لەگەڵ ئەمەی زمانی کوردی لە زمانە زیندوە دەوڵەمەندەکانە (خاڵ 1، 1960: 15). پێش ئەم مێژووە هیچ فەرهەگێکی کوردیمان نەبووە.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

زمانی کوردی لەڕووی فەرهەنگی کوردی-کوردییەوە تەنها چەند دانەیەکی هەیە، پێش فەرهەنگی خاڵ کەسی دیکە فەرهەنگی نەنووسیوە، بەڵام ئەگەر بێینەسەر ئەو فەرهەنگانەی کە بە چەند زمانن ژمارەیان زۆرەو، زیاتر بۆ مەبەستی فێرکاری بەکارهاتون بۆ زمانێکی دیکە لەبەرامبەر زمانی کوردیدا. بۆیە هەوڵدەدەین ئاماژە بەو فەرهەنگانە بکەین کە نووسراون و مێژوویەکی کۆنیان هەیە و دەتوانن ببنە کەرەستەیەکی باشی لێکۆڵینەوەی زانستی و بەراوردکاری لەگەڵ شێوەی ئێستادا:

1- کۆنترین فەرهەنگی زمانی کوردی کە دانراوە فەرهەنگی نۆبەهارە بەشێوەزاری کرمانجی باکور کە بە زمانی عەرەبی-کوردی، لەلایەن شاعیری گەورەی کورد ئەحمەدی خانی لە ساڵی (1683)ز نووسراوە، ئەم فەرهەنگە بەشێوەی شیعر نووسراوەتەوەو لەسەر بنەما ڕێزمانییەکانی وەك ناو، هاوەڵناو، کردار... ڕیزبەندی کراوە.

2- فەرهەنگێکی (200) وشەیی بەناوی "فەرهەنگی بەراوردی هەموو زمان و شێوەکان" لە ساڵانی (1836-1837) لە لەندەن تۆمار کراوە.

3- فەرهەنگی کوردی کرمانجی باکور-روسی، کوردی(زازا)-روسی ڕۆژهەڵاتناس پێوتر لێرخ لە ساڵی (1858) دا چاپی کردوە.

4- ئاوگۆست ژابا قونسوڵی ڕوسیا لە شاری ئەرزروم، جگە لە بوارەکەی خۆی لە تۆمارکردنی فۆلکلۆر و لێکۆڵینەوەی کوردی و زمانی کوردیدا کاری کردوەو، خاوەنی یەکەم فەرهەنگی فەرەنیسییە کە لە پاش خۆی بە فەرمانی ئەکادیمیای ڕوسی لە ساڵی (1879)ز دا فێردیناند یوستی بڵاوکراوەتەوە، ئەم فەرهەنگە لە (473) لاپەڕەو (15000) وشەی کوردی جگە لە لێکدانەوەو دارشتن و دروستبوونیان لە پەیدابوونی وشەکەشی کۆڵیوەتەوەو لەگەڵ وشەی عەرەبی و فارسی و تورکی بەراوردی کردون. هەروەها دوو فەرهەنگی دیکەشی بە فەرەنسی-روسی-کوردی، کوردی-فەرەنسی-روسی داناوە کە هێشتا بە دەستنووسی ماونەتەوەو لە ئەرشیفی ئەکادیمیای زانستی ڕوسی لە پیتربۆرگ هەڵگیراون (ڕەشید، 2013).

لێرە بە دواوە ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو فەرهەنگانەی کە بڵاوبوونەتەوە لە خشتەی ژمارە (1)دا ڕوون دەکەینەوە کە لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا هاتووە کە زیاد لە (50) فەرهەنگ و وشەنامەیە، هەروەها بەپێویستمان نەزانی ئاماژە بە هەموو ئەو فەرهەنگە دوو یا سێ زمانەییانە بکەین کە ئەمڕۆکە بوونیان هەیە، چونکە زۆربەیان تەنها بۆ بواری بازرگانی و فێربوونی کاری ڕۆژانەیەو هەندێکیشیان بەبێ مۆڵەت بڵاوکراونەتەوە.

**ڕێنووسی کوردی**

مەسەلەی ڕێنووسی کوردی بابەتێکی ئاڵۆزەو تائێستا لە نێو زمانی کوردیدا شێوەیەکی یەکگرتووی نییەو بە چەندین شێوە لە نێو پەڕتوکە زمانەوانییەکاندا بەشێوەی جۆراوجۆر ئاماژەی پێکراوەو چەندین هەوڵیش هەبووە بۆ ئەوەی کێشەی ڕێنووسی زمانی کوردی چارەسەر بکرێت و ببێ بە پیتی لاتینی و ئەو پیتانەی کە (لێڵی)(18) یان تێدایە لەم شێوە لاتینیەدا یەکلایی بکرێتەوە. سەرەتای ئەم هەوڵانەش لە (مێجەرسۆن)ەوە لە ساڵی (1913)ەوە دەستپێیکرد کە لە لەندەن کتێکی بە چاپ گەیاند(19)، دواتر هەوڵەکانی مامۆستای ئەرمەنی (ئیسحاق مۆرگۆڵف و عەرەب شەمۆ) کە ئەلف بێی لاتینیان لەنێو کوردەکانی سۆڤیەت دا داناو بۆ ماوەی هەشت ساڵ کاری پێکرا لەنێوان ساڵانی (1930-1938). هەروەها هەوڵەکانی جەلادەت بەدرخان و دوای ئەویش جەمال نەبەز لە ساڵی (1956) کتێبێکی بەناوی (نووسینی کوردی بە لاتینی) دەرکرد. لەمێژە دڵسۆزانی کورد هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی زمانەکەمان بکەوێتە سەر پێی خۆی ئەوەتا جەمال نەبەز دەڵێ" بەر لە هەموو شتێك دەمەوێ بێژم کە من لەساڵی (1956) دا لە کەرکوك لە نامیلکەی "خوێندەواری بەزمانی کوردی"م نووسیوە، لە (1957) دا لە بەغدا چاپکراوەو، لێیدواوم. لەوێدا لەپاڵ ئەو بەرهەڵستانەدا کە دێنە بەردەم خوێندەواری بەزمانی کوردی، گیروگرۆی نەبوونی زمانێکی یەکگرتووم خستووەتە بەرچاو و، پێشنیازی دامەزراندنی کۆڕێکی زانیاریی(20)– زمانەوانی (ئەکادێمیای زمانەوانی)م کردووە بۆ ڕێبەریکردنی چارەسەری ئەم کێشەیە (نەبەز2، 2008). بەڵام هەموو ئەو هەوڵانەو ئەوانی دیکە نەبوونە هەوێنی لەدایکبوونی ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی تەنانەت نە ئەلف بێی لاتینیش نەبووە هۆی چاکسازیکردن لە ئەلف بێی کوردی و ناونانی پیتەکانیشی.

لێرەدا ئاماژە بەرێنووسی کوردی گرنگە، لەبەرئەوەی لەکۆی زیاتر لە (100) فەرهەنگی کوردی جۆراوجۆرو زانستی و پیشەیی ئەو ڕێنووسەی کە بەکارهاتوە لەسەر هەمان ڕێنووس و ڕیزبەندی زمانی عەرەبی بەکارهاتوە، چونکە زۆربەی ئەو بەڕێزانەی لەبواری فەرهەنگسازی(21) دا کاریان کردوە سەرچاوەو پێشینەی زانستییان(22) زمانی عەرەبی بووە، ڕەنگە

ئەمەش هۆکارەکەی ئەوە بێت هەموو ئەو هەوڵانەی پێشتر دراون هیچکامیان لەچوارچێوەی زانستی زمان نەبووبێت، تەنانەت ئەگەر بووبێت ئەوا لەلایەن دەسەڵاتەوە پشتگیری نەکراوەو نەبووەتە شێوەیەکی فەرمی. ئەو فەرهەنگانەشی کە تا ئێستا نووسراون کە زیاتر لە دە فەرهەنگیان بەشێوەی (کوردی-کوردی)ن و هیچ کامیان بەپێوەری ستانداردی فەرهەنگنووسین نەنووسراون هەریەکەو کەموکووڕییەکی بەرچاوی هەر لە ڕیزکردنی ئا بێ و وشەکانی و ئیدۆمەکانییەوە بیگرە تا دەگاتە لایەنە گرامەری و واتایی و ڕەگە بنەڕەتییەکەیەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەو فەرهەنگانەدا جیاوازی ئەتۆ لەنێوان دەنگ و پیتدا نەکراوە، تەنانەت ئەگەر زمانەوانیش یەکلاییان کردبێتەوە، ئەوا نەبووەتە شێوەیەکی ستاندارد بۆ ڕێنووسی زمانی کوردی و، نووسەری ئەو فەرهەنگانە نەگەڕاونەتەوە بۆ ئەو نامە و تێزانەی کە لە زانکۆکانی کوردستان و بەغدا نووسراون .

هەموو ئەو نووسینانەی ئەمڕۆ لە وەقایعی کوردیدا بڵاو دەکرێنەوەو لە کەناڵکانەوە پەخشدەکرێن تەنها بە میزاج و تێگەیشتنی کەسی و پێشینەی خوێندنەوەی خۆی بووە، ئەو ڕێنووسەشی کە بەکاردەهێنرێ لە نووسینی کوردیدا تەنها کەوتوەتە سەر ئاستی توانای تاکە کەسی، بۆیە ئەوەی کە بەکاردەهێنرێ زیاتر بۆ خۆ گونجاندنە لەگەڵ ڕۆژگاردا. بۆ نمونە تەنها یەك وشە بەچەندین جۆری جیاواز دەنووسرێ (کولتور، کولتوور، کەلتوور، کلتور، کەڵچەر)، یا لە بەرامبەر زاراوەی (الصادرە و الواردە)ی عەرەبی وشەگەلێکی وەك (وەرگرتەو دەرکردە، هاتوو ڕۆیشتوو، هاوردەو دەرکردە) .

یان هەر بۆ وێنە، وەرن تەماشای ڕۆژنامەکان و ئەو چاپکراوانە بکەن کە بەو شێوەزارە دەنووسرێن کە پێی دەگوترێ "سۆرانی"، ئەوەتە یەکێك دەنووسێ "دەچم"، ئەوی دیکە دەنووسێ "ئەچم". یەکێك دەنووسێ "بەسەریا کەوتم" ئەوی دیکە دەنووسێ "بەسەریدا کەوتم". یەکێك دەنووسێ "زەڕەنگەر" ئەوی دیکە دەنووسێ "زێڕینگەر". یەکێك دەنووسێ "وەرگێڕدراو"، یەکێکی دی دەنووسێ "وەرگێڕراو". یەکێك دەنووسێ: "دەدەن" ئەوی دی دەنووسێ "ئەیەن". ئەمە، لەشێوەزاری باکووریشدا کە نێویان ناوە "بادینانی"، هەروایە وبگرە لەمەی "سۆرانی" خراپترە. پێڕەوی نەکردنی ڕێنووسێکی لەبار و جێگرتووش، ئەوەش دەردێکی دیکەیە و لای هەموو کەس ئاشکرایە (نەبەز1، 2008: 5). لەبەرئەوە هەموو ئەمانە پێویستیان بەرێکخستن و پێداچوونەوەو زمانێکی لە قاڵبدراو و بەرنامە بۆ دارێژراوی تۆکمە هەیەو دەبێت هەنگاوی یەکەم دروستکردنی دەزگایەکی تایبەت بێت بەم بوارەو لە ئەلفی زماناسییەوە دەستپێبکات بۆ یای زمانناسی، هەموو ئەو هەوڵانەی کە لەم بوارانەشدا نراوەو دەنرێ مایەی دڵخۆشییەو بە هەموو ئەو کەم و کووڕیانەشەوە هەبوونی باشترە لە نەبوونی.

## گرنگی فەرهەنگ

زۆرجار بۆ ناساندنی نەتەوە باس لە زمان دەکرێت، بۆ ناساندنی زمانیش دەبێت باس لە فەرهەنگی وشەکانی بکرێت، چونکە زمان و بەکارهێنانی زمان ڕۆڵ دەگێرن لە دەوڵەمەندکردنی وشەی نێو زمانەکە نە بە پێچەوانەوە، چونکە هەمیشە وشە لە زمانەوە دەچێتە نێو فەرهەنگەوە نە ئەوەی وشە لە فەرهەنگدا دروستبکەین و دواتر هەرکات بمانەوێ بۆ زمانەکە بەکاریبهێنین، لەبەرئەوە زمان ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە دەوڵەندکردنی گەنجینەی وشەدا و دەبێتە سەرچاوەیەکی باشی لێکۆڵینەوە زانستییەکان. هەڵبەتە فەرهەنگی زمان کاتێك ئەم ڕۆڵە دەگێڕێت کە بەم بنەمایانە ئەو فەرهەنگە ئامادەکرابێت، واتە لە نووسینی هەر وشەنامەیەکدا دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:

- ڕیزبەندی ئەلف بێ و ناونیشان و سەرچاوەو بناغەی وشە
- ئاماژەدان بە چۆنێتی دەرهێنان و ڕیزکردنی وشەکان لە فەرهەنگدا، بۆ نمونە چاوگ لەزمانی کوردی، یا کاری ڕابردو لە فەرهەنگی زمانی عەرەبی، کاری ڕانەبردو لە زمانی ئینگلیزیدا، کە وشەکانی پێ ڕیزکراوە.
- چۆنێتی دەربڕین
- ناسنامەی دەستوری و مێژووییەکەی
- بەڵگە هێنانەوە لەسەر سەرچاوەکەی
- ئاماژەکردن بە هاوواتاکانی لە شێوەی قسەکردی گشتی و فەرمی
- ڕیزبەندیکردنی مانا جیاوازەکانی هەر وشەیەك بەپێی بەکارهێنان

- ئاماژەدان بە سەرچاوەی وشەکان لەنێو فەرهەنگدا کە پەیوەندی نێوان وشەو مانا لێکچوو جیاوازەکانی دەردەخات و هیچ فەرهەنگێك بەبێ ئەمجۆرە لە سەرچاوە (23) نابێت (دیباڤ، 2014: 44) (24).

واتە هەر وشەیەك كە لە وشەنامەدا بێت بەکورتی دەبێت ڕەچاوی (دەربڕینەکەی، شێوە دەستوریيەکەی، پەیوەندییە زمانییەکانی لەگەڵ وشەی تردا (واتای شاراوەی)، واتای بنەڕەتی، چۆنێتی دروستبوونی و ئەو زمانەی لێی وەرگیراوە بکرێت و تەنانەت ئاماژەکردن بەخودی زمانەکە خۆی کە وشەکە لە بنەڕەتدا هی خۆیەتی). بۆیە هەر فەرهەنگێك ئەم تایبەتمەندیانەی تێدابوو ئەوا دەبێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ پاراستن و بەرەو پێشبردنی زمانەکەی. هەروەها خاڵێکی دیکە لە لایەنە واتاییەکانی فەرهەنگ، چۆنێتی جیاکردنەوەی کۆ زانیاری ئاوەزییە(25) کە جیاوازە لە کۆ زانیاری ئینسکلوپیدیایی(26)، چونکە ڕێکخستنی زانیارییەکان لە ئینسکلوپیدیادا وەك تۆڕێك ڕێکخراوەو چۆنێتی بەکارهێنانی وشەی زمانی تێدا نییەو ناتوانێ ببێتە کەرەستە بۆ لێکۆڵینەوە وەك فەرهەنگ.

بەپێی وردبوونەوە لە ئەو فەرهەنگانەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەیان پێکراوەو لە خشتەکەدا ڕوونکراونەتەوەو ئەوانەی بەشێوەی کوردی-کوردی نووسراون هیچ کامیان جیاوازی لەنێوان ئەو وشانەدا نەکردوە کە کامیان فەرمین(27) و کامیان نافەرمین(28)، چونکە هەندێ وشە هەیە تەنها کاتی نووسین بەکاردێت و هەندێکی دیکەش تەنها تایبەتە بە قسەکردنی ڕۆژانەو ئەم بابەتەش لە هەموو فەرهەنگە ستانداردەکاندا کەم و زۆر ئاماژەی پێکراوە، ئەگەر بێت و پاساو بۆ ئەم لایەنە کەموکووڕییە بهێنرێتەوە کە زمانی ستانداردمان نییە، بەڵام زمانێك و شێوەیەکمان بۆ نووسین چ لە کرمانجی و چ لە کرمانجی ناوەراست هەیەو هەر خۆمان دەتوانین ئەم دوو حاڵەتە جیابکەینەوە .

ئەو فەرهەنگانەی بەپێی تێوری سیمانتیکی نەنووسراون، ئەتوانین بڵێین نە زانیاری تەواون لەشێوەی فەرهەنگی زانیاری (زانست نامە)(29)وە، تایبەتمەندی وشەنامەشیان تێدا نییە. بەپێی تێوری نوێی واتاسازی باو واتای وشە بۆ دوو بەش دابەش دەبێت، یەکەمیان پێکهاتەی وشەنامە(30) دووەمیان پێکهاتەی ئینسکلوپیدیایی، هەرچی وشەنامەیە کەرەسەیەکی باشە بۆ لێکۆڵینەوە زمانییەکان، بەڵام جۆری دووەمیان زانیارییەکانی ئەو وشەیە هی دەرەوەی زمانەو دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی کۆ زانیاری دونیاییەوە(31) (ئەحمەد، 2013: 37).

فەرهەنگ پەیوەستە بە ڕێزمانەوەو، ئەو یەکە زانیاریانەن کە زانینیان دەربارەی وشەسازی(32) و ڕستەسازی هەڵگرتوە، هەروەك فەرهەنگ لەروانگەی تێۆری ستانداردی چۆمسکییەوە، یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ڕێزمان، لەبەرئەوە کەرەستە فەرهەنگییەکانی زمان خاوەنی دروستە(33)ی ناوەکی خۆیانن کە بەهۆی یاسا فەرهەنگییەکانی وەك (یاساکانی فۆرمدارشتن، یاساکانی هەڵگواستن و یاسای کۆت و بەندکردن و مەرج و سنوردانان) دەنوێنرێت (حسەین، 2011: 56).

کەرەستەی خاو بۆ لێکۆڵینەوە لە بنچینەناسی و هاوواتاو دژواتای وشەو نزیکایەتی وشەکان و لێکچوونیان و بەراوردکردنیان و گەڕان بەدوای واتای جیاوازی بەکارهێنانیان فەرهەنگی وشەیە. چونکە فەرهەنگی هەر زمانێك بریتییە لە لیستی ماددە(34) ئاشکراکانی زمان، کە پێویستە هەموو قسەپێکەرێکی زمانەکە بیزانێت و بیناسێتەوە، لەبەرئەوەی ئەم لیستە بۆ تاك بووەتە نیشانەیەکی لەخۆوەیی، نەك بەهەندێ ڕێگە پێشبینی بکرێت، زۆربەی ئایتمەکانی ئەم لیستە بریتین لە وشە، هەندێکی تریان بریتین لە یەکە گەورەکان وەك ئیدیۆمەکان و هەندێکی تریشیان لە یەکە بچوکەکانی وەك لاگرەکان (ئەحمەد، 2013: 10).

**ئاستەنگەکان**

ئاستەنگەکانی زمانی فەرمی کوردی تەنها نەبوونی فەرهەنگی زمان نییە، بەڵکو خودی زمانەکە لەبەردەم مەترسی گەورەدایەو تا ئێستا کە زمانی کوردی وەکو زمانی دووەم لەدوای زمانی عەرەبی لە دەستوری عیراقدا بە فەرمی ناسێنراوە، هیچ ئاسۆیەك نییە بۆ ئەوەی زمانی کوردی بکرێتە زمانی ستاندارد و لەنێو کرمانجی ژورو کرمانجی ناوەڕاستدا گیری خواردوەو دوای دەیان کۆنگرەو کۆنفراس ئەنجامێك و دیدگایەکی ڕۆشن بۆ ئەم مەسەلەیە نییە. بەڵام ئەگەر بێینەسەر نەبوونی فەرهەنگێکی کوردی-کوردی کە داڕشتن و دروستکردنی لەچاو بنیاتنانی زمانی ستانداردا زۆر ئاسانترەو زەمینە زۆر لەبارترە، ئەوا دەبێت زۆر لەوە زیاتر چاوەڕێ بکەین تا زمانەکەمان ببێتە ستاندارد.

گەورەترین کۆسپ لەبەردەم نەبوونی ئەو دوو بابەتەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، ڕەوتی ناوچەگەرێتییە، کەوا دەکات مامۆستایان و پسپۆڕانی هەولێرو سلێمانی و دهۆك هیچ کامیان دانی خێر بەئەوانی دیکەدا نەنێن و ئەوەی لە سلێمانی بکرێت

sjh@univsul.edu.iq

هەولێر قبوڵی ناکات و بە پێچەوانەشەوە چونکە بوونی هەژموونی حیزبی بەسەر ناوەندی ئەکادیمیشماندا زاڵەو دامەزاوە بەناو نیشتیمانییەکانمان تا ئێستا نەیانتوانیوە سەربەخۆ بن و خاوەن بڕیار بن، چونکە مەسەلەی زمانی باڵا و بوونی فەرهەنگ بەشێوەی ستاندارده جیهانییەکان بە هەوڵی تاکەسی ناکرێت و دەبێت ئەو دڵسۆزانە لەچوارچێوەی دەزگایەکی نیشتیمانی بۆ ئەم بابەتە کۆبکرێنەوەو بەپێی ڕێنمایی کاربکەن، بەڵگەشم بۆئەم قسانە ئەوەیە، لە کۆنفراسی زانستیی بەکارهێنانەکانی زمان و لەژێر دروشمی زمان (سامانێکی نەتەوەییە پێویستە زانستیانە بەکاربهێنرێت)، لە زانکۆی ڕاپەڕین لەرۆژانی (22-2012/9/24) لە شارۆچکەی قەڵادزێ بەڕێوەچوو، تێیدا پانزە توێژینەوە پێشکەشکراو دواتر بە چەند ڕاسپاردەیەك کۆتایی هات، لێرەدا لەکۆی ئەو هەشت خاڵەی ڕاسپادەکان تەنها باسی خاڵی شەشەم دەکەم (دامەزراندنی دەزگایەکی تایبەت بە فەرهەنگی کوردی (هاوشێوەی دامەزراوەی ئۆکسفۆرد) کە ئەرکی دانانی فەرهەنگی گشتی و فەرهەنگە پسپۆڕییەکانی بکەوێتە ئەستۆ) (خۆشناو، 2013: 403). تائێستاش ئەم دەزگایە بوونی نییەو هیچکام لە ڕاسپاردەکانی دیکەش جێبەجێنەکرا.

بابەتی ناوچەگەرێتی دیکەیە لە بەرەو پێش نەچوونی زمانی کوردی لەبەرئەوەیە کە بە ئاشکرا دیدو بۆچوونی جیاوازی ناوچەیی و سیاسی بەدیدەکرێ، بۆ وێنە لە کۆنفراسی زمانی کوردی لەساڵی (2008) کە لەناو پەرلەمانی ئەڵمانیا لە بەرلین بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەگەڵ ئەوەی نەگەیشتنە ئەنجام بڕیاریشیاندا ڕاسپاردەکان بڵاو نەکرێنەوە، یان لە ساڵی (2011)لە کۆنفراسی کولتوری کوردی لە بەرلین بۆ ماوەی یەك مانگ و بەبەشداری چل ڕێکخراوی کوردی-ئەڵمانی و بەسەرپەرشتی نووسینگەی حکومەت لەو وڵاتە پێشنیاری جوت ستانداردیان کرد بۆ زمانی کوردی و هیچ ئەنجامێکی نەبوو (خۆشناو، 2013: 399).

جیاواز لە هۆکارە سیاسی و ناوچەییەکان ئەوەی بووەتە هۆکاری نەبوونی وشەنامەیەکی گشتگیر بوونی ئەم فرە دیالێکتییەی زمانی کوردی و دابەشبوونییەتی بەسەر چەند ناوچەیەکی جیاوازو دابڕاو لەیەکترو کاریگەری سیاسەتی وڵاتەکەیان لەسەر زمان و ئەدەب و قەدەغەکردنی زمانی کوردی، هەروەها بوونی ژمارەیەکی زۆری کتێب بە شێوەزاری جیاوازو دیارینەکردنی شێوەزارێك بۆ ئەوەی ببێ بە زمانی ستاندارد هۆکارێکی دیکەیەو ئەمەش پاشاگەردانییەکی لەنێو زماندا دروستکردوەو بەهۆی خەمساردی دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە بەم بابەتەوە هەوڵە تاکە کەسییەکان دەیانەوێ ئەم ڕۆڵە بگێڕن.

ئەگەر بێینە سەر خاڵی چارەسەر ئەوا دەبێت بەرلەهەموو شتێك بابەتی سیاسەت و ناوچەگەرێتی و بۆچوونی تاکەسی تێکەڵ بە بابەتە زانستی و ئەکادیمییەکان نەکرێت و لیژنەی تایبەت بەو بوارە دروستبکرێت و لە دەزگایەکی نیشتیمانیدا کۆبکرێنەوەو دیدگای ڕوون بخرێتە بەردەمیان بۆ پڕکردنەوەی کەلێن و کەموکوورییەکانی زمان و فەرهەنگ و ئەو ڕاسپاردانە جێبەجێ بکرێت کە پێشتر لە کۆنگرەو کۆنفراسەکاندا دەرکراون، ئەگەر لە ئێستاشدا نەتوانرێت ئەم هەنگاوانە بنێرێت ئەوا دەتوانرێ ڕێنووسێك یان شێوەیەکی نووسین بۆ ئەم بەشەی کوردستان پەیڕەو بکرێت. واتە شێوەی دروستنووسین چونکە ئەم شێوەیە بەزۆری وەك خۆی دەمێنێتەوەو جیاوازە لە شێوەی قسەکردن (مەحویی، 2016: 51). لەبەرئەوە ئەم زەمینە لەبارەی باشوری کوردستان گرنگە بۆ بەرەو پێشبردنی زمان و فەرهەنگی کوردی و، کورد لەم بەشەی کوردستان قۆناغی میللەتی وەك نەتەوە تێپەڕاندوەو ئێستا لە قۆناغی نەتەوەدایە وەك دەوڵەت. دەتوانرێت هەر لەسەر پەیڕەوی (خاڵ) یان (کوردستان)ی گیوی موکریانی دەزگایەك دروستبکەن و فەرهەنگی خاڵ یان کوردستان بکرێتە بنەمای مێژوویی بۆ فەرهەنگێکی ستاندارد بۆ زمانی کوردی هەروەك چۆن فارسەکان سودیان لە مێژووی فەرهەنگی (دهخدا)ی عەلی ئەکبەر دیهخودا وەرگرت و کردیانە دامەزاوەو ئێستا هەم ناوەندێکی فەرهەنگییەو هەم ناوەندێکە بۆ فێربوونی زمانی فارسی بۆ ئەو بیانیانەی کە دەیانەوێ فێری زمانی فارسی ببن، یان وەك ئەو فەرهەنگەی زمانی ئینگلیزی کە جۆنسن دایناو دواتر بووە هەوێنی لەدایکبوونی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد.

**دەرئەنجام**

دوای شەنوکەو کردنی بابەتی فەرهەنگی زمان و ئاوڕدانەوە لە مێژووی فەرهەنگ بەگشتی فەرهەنگی کوردی بەتایبەتی گەیشتینە ئەم چەند ئەنجامەی خوارەوە:

- فەرهەنگی خاڵ یەکەمین فەرهەنگە کە بەشێوەی کوردی-کوردی نووسراوەو ئەوانەشی دوای ئەو نووسراون و هێشتا نەبوونەتە فەرهەنگێکی باش بۆ کۆکردنەوەی وشەکانی زمانی کوردی، ئەو فەرهەنگانەشی کە بە شێوەی دوو زمانەیی یان زیاتر نووسراون زیاتر بەمەبەستی فێرکردن بووە.

- هەبوونی فەرهەنگی یەك زمانە بۆ هەموو زمانێك گرنگەو فەرهەنگ کەرەستەیەکی خاوە بۆ لێکۆڵینەوە زمانییەکان و، دەرخستنی زیندویەتی زمانیش بەشێکی گەورەی بەستراوەتەوە بە فەرهەنگەوەو ناکرێت بەبێ بوونی فەرهەنگێك باسی زمانی ستاندارد بکەین و بە پێچەوانەشەوە.

- زمان ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە دەوڵەمەندکردنی و پێویستە بەردەوام نوێبکرێتەوە.

- لەکۆی نزیکەی ئەو (12) فەرهەنگە (کوردی-کوردی)یەی کە نووسراون وەك لە خشتەی ژمارە (1)دا ناویان هاتوە هیچکامیان بەشێوەیەکی ستانداردی فەرهەنگی نەنووسراون و زۆربەی وشەکانیشی بنچینەو زمانەکانیشیان دیارینەکراوە.

- بابەتی ناوچەگەرێتی و تێکەڵکردنی سیاسەت بەم بابەتانە ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لەبەرەو پێشنەچوونی زمان و فەرهەنگی زمانی کوردی، هەروەها نەبوونی دامەزراوەی تایبەت بەدانانی فەرهەنگ یەکێکی دیکەیە لە گرفتەکانی بواری فەرهەنگسازی.

ڕاسپاردە

- کارکردن بە ئاڕاستەی هەنگاونانی دروستکردنی فەرهەنگێکی نیشتیمانی یان نەتەوەیی و لێکنزیکردنەوەی مامۆستایان و پسپۆڕانی بوارەکە، بە لیژنەی ئەکادیمیای کوردییەوە لە هەموو زانکۆکانی کوردستان.
- کارکردن لەسەر ڕاسپاردەکانی هەشت کۆنگرەی ڕابردوو کە لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات سەبارەت بە بونیادنانی زمانی ستاندارد کراون و قبوڵکرنی ڕاسپاردە و پێشنیارەکانیان.
- کارکردنی زیاتر لەسەر فەرهەنگی وشەو ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بە بێ گوێدانە ئینتیمای ناوچەگەرێتی.
- قۆستنەوەی ئەو زەمینە لەبارەی کە ڕەخساوە بۆ دروستکردنی زمانی ستاندارتی کوردی و هەنگاوی یەکەمیشی دروستکردنی فەرهەنگێکی نەتەوەییە.

خشتەی ژمارە(1)

| تێبینی | ساڵ | شێوەکەی | فەرهەنگ | ناوی نوسەر |
|---|---|---|---|---|
| لە پاشکۆی بابەتێکدا و بە 20 لاپەڕە ئاماژەی پێکراوە | 1870 | کوردی-ئینگلیزی | فەرهەنگۆگ | س. ئا. ری |
| لە بەشی سێیەمی ڕێزمانی کوردی وەك پاشکۆیەك بڵاوکراوەتەوە | سەدەی 19 | | هەکاری | ئەلبێرت سۆمین و هێنری بریم |
| ئەم فەرهەنگە (3-4) هەزار وشەی لەخۆ گرتوە | 1891 | کوردی – ئەڵمانی | فەرهەنگۆك | گیزارۆڤ |
| لە ساڵی 1937 لە سلێمانی چاپکراوەتەوە بەشێوەی کرمانجی ناوەند | 1895 | کوردی – روسی | دوو فەرهەنگۆك | شێخ مارفی نۆدێ |
| یەکەم فەرهەنگە کە لە زمانی کوردییەوە بەراوردی زمانی عەرەبی کراوە لە ئەستانە | 1893 | | روسی – کوردی | یوسف زییا |
| بەشێوەی کرمانجی ناوەند لە لەندەن چاپکراوە | 1913 | ئینگلیزی - کوردی | فەرهەنگۆك | مێجەرسۆن |
| لە ورمێ بڵاوکراوەتەوە | / | روسی – کوردی | فەرهەنگ | ش. ڤ. نیکتن |
| نوسەری ئەمریکاییە | | | فەرهەنگۆك | ل. ئۆ. فۆسۆم |
| | 1932 | | فەرهەنگۆك | جەلادەت بەدرخان |
| لەهەردوو ساڵەکەدا بڵاوکراوەتەوە | 1933-1935 | ئەرمەنی - کوردی | فەرهەنگۆك | / |

sjh@univsul.edu.iq

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| عەلادین سەجادی | فەرهەنگۆك | عەرەبی – کوردی | 1948 1949 | لە گۆڤاری نزار کە 22 ژمارەی لێدەرچوە بڵاویکردوەتەوە |
| عەلادین سەجادی | | | 1939 1949 | لە گۆڤاری ڤەلاوێژ و پاککردنەوەی زمانی کوردی لە وشەی عەرەبی و تورکی و فارسی |
| ئیبراهیم ئەحمەد | فەرهەنگۆك | | 1934 | لە رەواندوز چاپکراوە |
| شاکر فەتاح | فەرهەنگۆك | کوردی - ئینگلیزی | 1941 | |
| ئینگلیزی - کوردی | | | 1950 | لە هەولێر چاپکراوەو 15000وشەی لەخۆ گرتوە |
| | کۆلکە زێرینە | بە پێنج زمان | 1955 | بەسەر 59 بابەتدا دابەشکراوەو لە ساڵی 1966 بۆ دووەم جار چاپکراوەتەوە |
| گیوی موکریانی | فەرهەنگی مەهاباد | کور-عەر-فار-ئی-فەر | 1961 | نزیکەی 30000 وشەی تێدایە |
| گیوی موکریانی | کوردستان | کوردی – عەرەبی | 1961 | ساڵی 1999 چاپی دووەمیشی بڵاوکراوەتەوە |
| شێخ محەمەدی مەردۆخی | مەردۆخ | کوردی – کوردی | 1956 | بەشێوەی ئەردەڵانی چاپکراوە |
| عزەدین مستەفا رەسوڵ | فەرهەنگۆکێك بۆ قوتابیانی کورد | کوردی-فارسی-عەرەبی | 1955 | لە پاشکۆی کتێبەکانی پۆلی 4 و 5 و6 سەرەتایی تۆمارکرابوو |
| ستەمەندێ سیامەند ئارامێ ضاضان | خەبەرناما | | 1957 | لەشاری یەریڤان چاپکراوە |
| دی. ئی . ڤاریزۆڤ | فەرهەنگ | روسی – کوردی | 1957 | پێکهاتبوو لە 30000 وشە |
| قەناتی کوردۆ | | کوردی - روسی | 1960 | |
| نیقابەی مامۆستایان | زاراوەی زانیاری | کوردی – روسی | 1960 | سلێمانی |
| جەمال نەبەز | هەندێ زاراوەی زانستی | عەرەبی – کوردی | 1960 | |
| جگەر خوێن | فەرهەنگا کوردی | عەرەبی – کوردی | 1962 | لە بەغداد و بەشێوەی کرمانجی باکور |
| عەلادین سەجادی | دەستورو فەرهەنگ | عەرەبی – کوردی | 1962 | بەغداد |
| جویس بلو | فەرهەنگ | کوردی-فەرەنسی-ئینگلیزی | 1965 | پاریس، لە ساڵی 1991 فەرهەنگێکی دیکەی کوردی-تورکی-فەرەنسی-ئینگلیزی |
| تۆفیق وەهبی و ئەدمۆنس | فەرهەنگ | کوردی - ئینگلیزی | 1966 | لە ئۆکسفۆرد |
| موسا عەنتەر | فەرهەنگ | کوردی – تورکی | 1967 | نزیکەی 10000 وشەیە |
| مەلا عەبدولکەریمی مودەریس | دوو رشتە | عەرەبی – کوردی | 1970 | بەشێوەی هۆنراوە نوسراوە |
| عەبدولقادر بەرزنجی | فەرهەنگی زانیاری | ئینگلیزی - کوردی | 1971 | پێکهاتوە لە 271 لاپەرە |


SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| مەعروف قەرەداخی | کشتوکاڵ | کوردی- کوردی | -1971 1972 | لە بەغدا چاپکراوە |
| کەمال جەلال غەریب | زانیاری | عەرەبی-کوردی | 1979 1982 | بەغداد |
| فازل نیزامەدین | ئەستێرەگەشە | كوردي-عةرةبي | 1977 | بەغداد |
| حەمید عیزەت پەنا | لەك و لوڕ | | 1978 | مەحمود زامدار خوێندنەوەو بەراوردی کردوە |
| عەبدولرەحمان زەبیحی | قاموسی ز. کوردی | | 1977 1979 | دوو بەرگ |
| نعمەت عەلی سایە | گەرمەسێر | کوردی - عەرەبی | 1988 | بەغداد |
| هەژار | هەمبانە بۆرینە | کوردی-کوردی-فارسی | 1368 | تاران |
| کامەران سلێمان بۆتی | کامەران | کوردی- کوردی | 2006 | کرمانجی ژورو-لاتینی |
| شەوکەتی مەلا ئیسماعیل | شوان | کوردی - کوردی | 2006 | هەولێر |
| عەلی نانەوا | هەرمان | کوردی - کوردی | 2005 | هەولێر |
| ئەحمەد بەحری | باڵندە | عەرەبی - کوردی | 2001 | هەولێر |
| ئەمین گەردی گەیلانی | ڕێژگە | کوردی-کوردی-فارسی | 2009 | تایبەت بەو وشانەی کە لە هەمبانە بۆرینە دا نەهاتوون |
| عەبدولوەهاب شێخانی | شێخانی | | 2009 | هەولێر |
| جەمال نەبەز | ئیتیمۆلۆژیای زمانی کوردی | کوردی - کوردی | 2008 | |
| ماجد مەردۆخ رۆحانی | فارسی - کوردی | | 2010 | زانکۆی کوردستان لە سنە |
| تاهر سادق | هاوواتاکانی کوردی | کوردی - کوردی | 1998 | سلێمانی |
| جەمال عەبدول | زانستی زاراوەکانی کوردی | ئینگلیزی-عەرەبی-کوردی | 2001 | سلێمانی |
| جەمال حەبیبوڵڵا (بێدار) | وشەنامە | هۆرامی-کوردی ناوەراست | 2010 | هەولێر |
| فازل نیزامەدین | شیرین | عەرەبی-کوردی | 2001 | سلێمانی |
| عەباس جەلیلیان | باشور | کوردی-کوردی-فارسی | 2005 | تایبەتە بە ناوچەی یل ئیلام کرماشان و لورستان |
| د. هەورامانی | ئاریانڤاج | کوردی کۆن-کوردی نوێ | 2008 | هەولێر سێ بەرگ |
| حەمەد ئەمین دۆسکی | سپیرێز | کوردی-عەرەبی | 2008 | شێوەی کرمانجی و زیاتر لە 25000 وشەیە |
| برایمی مەلا | شیلانە | کوردی فەرەنسی فەرەنسی-کوردی | 2010 | |



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | 2012 | کوردی کرمانجی – کوردی ناوەراست | رەسەن | محەمەد ساڵح بێندرویی |
| بەهەردوو شێوەی کرمانجی خوارو ژورو | 2001 | کوردی-کوردی-عەرەبی | فەرهەنگا کرمانجی | جگەر سوز |

1- [1] dictionary
2- [1]- etymology
3- [1]- source
4- [1]- context
5- [1] - lexicon
6- [1]- save
7- [1]- meaning
8- [1]- syntax
9- [1]- monolingual
10- [1]- bilingual
11- [1]- trilingual
12- [1]- quadrilingual
13- [1]- http://forum.almaniah.com/index.php?p=/discussion/3814 /p1
14- [1] -Johnson's English Dictionary, *Samuel Johnson*
15- [1]- ant
16- [1]- James Murray
17- [1]- Oxford English Dictionary
18- [1]- ambiguous
19- [1]- Grammar of the kurmanji Kurdish language
20- [1]- lexicography
21- [1]- background knowledge
22- [1]- reference
23- [1]- Josette Rey-Debove
24- [1]- mental lexicon
25- [1]- encyclopedia knowledge
26- [1]- formal
27- [1]- informal
28- [1]- encyclopedia
29- [1]- Dictionary component
30- [1]- knowledge world
31- [1]- morphology
32- [1]- structure
33- [1]- item

سەرچاوە:

بە زمانی کوردی

- ئەحمەد، تریفە عومەر (2013) ، پراگماتیکی فەرهەنگی و پێکداچوونی پێکهاتەکانی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
- حسەین، شیلان عومەر (2011) ، پەیوەندی سینتاکس و سیماتیك لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپخانەی دیلان، سلێمانی.
- خاڵ، شێخ محەمەد (1960) ، فەرهەنگی خاڵ، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی.
- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا (2013) ، زمانی ستانداردی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- رەشید، فەرشید (2013) ، سەرچاوەی فەرهەنگی ئەناهیتا.
- شەریفی، فەرشید (2007) ، فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفەو زانستە کۆمەڵایەتییەکان، چاپی یەکەم، سەردەم، سلێمانی.
- محەمەدی مەحویی (د)، مەنامە، دەروازەی یەکەم، سلێمانی، 2017.
- لیژنەی بیبلۆگرافیای ئەکادیمیای کوردی-پ.د. وریا عمر امین سەرۆکی لیژنە، فەرهەنگی فەرهەنگەکان. هەولێر، 2023.
- نەبەز، جەمال1 (2008) ، وشەنامەکی ئێتنۆلۆژیای زمانی کوردی، چاپی یەکەم.
- نەبەز، جەمال2 (2008) ، لەبراکوژی گیانییەوە بۆ برا کوژی زمانی، ئەڵمانیا.

ئەو فەرهەنگانەی سودیان لێوەرگیراوە:

- وشەنامەکی ئیتیمۆلۆژیای زمانی کوردی، (2008) ، جەمال نەبەز.
- فەرهەنگی خاڵ، (1960-1964-1976) ، شێخ محەمەدی خاڵ، سێ بەرگ، سلێمانی.
- فەرهەنگی ڕێژگە، (2009) ، ئەمین گەردی گەیلانی، دهۆك.
- قاموسی زمانی کوردی، (1977-1979) ، عەبدولرەحمان زەبیحی.
- فەرهەنگی شوان، (2006) ، شەوکەت مەلا ئیسماعیل، هەولێر.
- فەرهەنگی شێخانی، (2009) ، عەبدولوەهاب شێخانی، هەولێر.
- فەرهەنگی فارسی کوردی، (2010) ، ماجد مەردۆخی، زانکۆی کوردستان، سنە.
- فەرهەنگی کوردستان، (1999) ، گیوی موکریانی، هەولێر.
- فەرهەنگی هەرمان، (2005) ، عەلی نانەوا، هەولێر.
- فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە، (1368) ، هەژار، تاران.

بەزمانی فارسی

- بختیاری، ڕحمان (1388) ، ریشە شناسی در فرهنگها، مجلە فرهنگ نووسی« شمارە (2)، ص 83-64

ئەمیش لەم سەرچاوەیەوە وەریگرتوە:

Zgusta, Ladislav (1971), Manual of Lexicography, Akademia (Publishing House of the Czechoslovak Academy of sciences), Prague, Mouton, theHauge, Paris.

- دیباو، ژوست ڕی (1393-2014) ، نظام های ارجاع در فرهنگ یک زبانه،ترجمه از زهرا جعفری، مجله فرهنگ نویس« شماره (8) ، ص 68-43

- رحیمی، اسدالله مردانی (1390) ، دیوان‌اللغات الترك محمود بن الحسین الكاشغری، برگردان فارسی از دكتر حسین محمد زاده صدیق. ئەم بابەتە لە سایتی cloob بڵاوکراوەتەوە

سود لەم ویب سایتانە وەریگیراوە

http://forum.almaniah.com/index.php?p=/discussion/3814 /p1

http://www.oed.com

http://johnsonsdictionaryonline.com

**Abstract**

Throughout history ،culture has been one of the reasons why many unknown things are known to humans. Of course ،the dictionary of any language consists of the information of the dictionary of the human mosquito ،and the place of the dictionary in the sciences is part of the new science of linguistics ،on the other hand ،we can count the dictionary as an important title and source of words ،terms ،and linguistic linguistics ،but the lack of a Kurdish-Kurdish/standard dictionary ، such as the key to the lock of the language ،keeps it closed ،because the language is constantly changing ،and the words are dying ،and the words are added to it and need to be renewed. Only the dictionary can preserve and preserve all these words ،and this dictionary can explain the root of many of the terms that contain more meaning and a variety of meanings ،the dictionary informs all the speakers of the language about the root and origin of the word of the language ،and the language is the assistant of this aspect to the dictionary and constantly tries to improve the dictionary of words even by bringing in foreign words and adapting it to the rules of language. Also ،the important aspect of the dictionary in this study is to mention the total number of (510) dictionaries issued during 1787-2022 ،but in this research ،only (50) Kurdish dictionaries and dictionaries and the opening of the historical side of the Kurdish-Kurdish dictionary begins with the dictionary of the point and is referred to as more than ten Kurdish-Kurdish dictionaries until now ،because this is a small and specific study that can be done in the future. The purpose of teaching and some of them are written for commercial purposes to learn the basics of a dialect ، but none of these dictionaries have been implemented in a scientific ،constitutional and linguistic framework and have not been a good material for scientific research. In this study ،we try to present all the points ،shortcomings and weaknesses in the field of Kurdish dictionary writing and the challenges facing the lack of standard Kurdish dictionaries.